# هەواڵنامەی مرۆیی
# عێراق

تەموزی ٢٠١٨/ لە ٣١ی تەموز دەرچووە

OCHA

## لەم هەواڵنامەیەدا

لا.١ هەواڵی تازە لە بارەی موسڵ
لا.٤ هەواڵی تازە لە بارەی پاڵپشتی کردنی دارایی

## هەواڵە سەرەکیەکان

- ساڵێك تێدەپەڕێت بەسەر ساڵیادی ئازادکردنی موسڵ لەو کاتەوەی کۆتایی هاتنی ئۆپەراسیۆنە سەربازیەکان لە موسڵ.
- پلانی بەهاناوەچوونی مرۆیی بۆ ساڵی ٢٠١٨ لەسەدا ٦٣,٧ی پاڵپشتی دارایی کراوە.

## ژمارەکان

| | |
|---|---|
| ٨,٧ ملیۆن | # ئەو کەسانەی کە پێویستیان بە هاوکاریە |
| ٣,٤ ملیۆن | # ئەو کەسانەی کە بە ئامانج کراون بۆ هاوکاری کردنیان |
| ٢,٠ملیۆن | # ئاوارە ناوخۆییەکان |
| ١,٤ ملیۆن | # ئەو ئاوارانەی کە لە دەرەوەی خێوەتگەکان ژیان دەگوزەرێنن |
| ٣,٨ ملیۆن | # ئەو کەسانەی کە زیانیان پێگەیشتووە لەناو کۆمەڵگا خانەخۆییەکان |
| ٣,٩ ملیۆن | # ئاوارە گەڕاوەکان |
| ٠,٢٥ ملیۆن | #پەنابەری سوری |

سەرچاوە: پلانی بەهاناوەچوونی مرۆیی عێراق بۆ ساڵی ٢٠١٨، تۆماری بەدواداچوونی ئاوارەبوونی سەر بە ڕێکخراوی نێودەوڵەتی بۆ کۆچ

## پاڵپشتی کردنی دارایی

### پلانی بەهاناوەچوونی مرۆیی بۆ ساڵی ٢٠١٨

**٥٦٩ ملیۆن**
داواکراوە بۆ ساڵی ٢٠١٨ بە (دۆلاری ئەمەریکی)

**٣٦٢,٣ ملیۆن دۆلاری ئەمەریکی**
پاڵپشتی دارایی وەرگیراوە
(هەروەك لە ڕۆژی ٣١ی تەموزی ٢٠١٨)
سەرچاوە: http://fts.unocha.org :



سەرچاوە: ئۆچا/ لەلایەن لیندن

## موسڵ، ساڵێك تێدەپەڕێت لە دوای کۆتایی هاتنی ئۆپەڕاسیۆنە سەربازیەکان

**لەو کاتەی ٨٧٠,٠٠٠ کەس توانیویانە بگەڕێنەوە بۆ ماڵەکانی خۆیان، پێویستیە چڕوپڕەکانی مرۆیی لە ناو دووەم گەورەترین شاری عێراق دەمێننەوە**

ساڵێك تێدەپەڕێت بەسەر ساڵیادی ئازادکردنەوەی شاری موسڵ، لە پارێزگای نەینەوا، لەلایەن هێزەکانی ئاسایشی عێراقی و کۆتایی هاتنی ئۆپەراسیۆنە سەربازیەکان لە دژی داعش لە ڕۆژی ٢١ی تەموزی ٢٠١٨ یادی کرایەوە. داگیرکردنی موسڵ لەلایەن داعش لە حوزەیرانی ٢٠١٤ تاکو تەموزی ٢٠١٧ بووە هۆی کارەساتێکی مرۆیی لەگەڵ ئازارچەشتنی زۆری مرۆیی و کاولکاری باڵەخانەکان. نزیکەی یەك ملیۆن کەس ناچارکران کە لە ململانێکە ڕابکەن، زیاتر لە ٣١,٠٠٠ خانوو وێران بوون یان بە شێوەیەکی خراپ زیانیان پێگەیشت، و وێستگەکانی چارەسەری ئاو و کارەبا پیسببوون بەهۆی بڕێکی زۆری تەقەمەنیە مەترسیدارەکان و بۆمبە چێندراوەکان. شیکارکردنی هەڵسەنگاندنەکانی زیان کە لەلایەن وەزارەتی پلاندانان و بانکی جیهانی ئەنجام دراون دەیخەملێنن کە بنیاتنانەوەی موسڵ بەلایەنی کەمەوە ١٠ ساڵ دەخایەنێت، بە تێچووی بڕی ٨٠ ملیار دۆلار بەلایەنی کەمەوە.



ئوتێلی موسڵ، نەخۆشخانەی جمهوری و پردی سێیەم لە ناو ڕۆژئاوای موسڵ، ساڵێك لە دوای تێپەڕینی ئۆپەراسیۆنە سەربازیەکان.
سەرچاوە: ئۆچا/لەلایەن لیندن

**هاوکارانی مرۆیی هاوکاری ڕزگارکردنی ژیان دابین دەکەن لەماوەی قەیرانەکە و ئێستا هاوکاری ئەو کەسانە دەکەن کە زۆر پێویستیان بە هاوکاریە لەگەڵ دووبارە فەراهەم کردنەوەی دەرفەتەکانی ژیان و گوزەران**

لە دوای ساڵێك. کۆمەڵگای مرۆیی دەستکەوتی بەرچاوی تۆمارکردووە لە ناو موسڵ. بە گوێرەی پلانی بەهاناوەچوونی مرۆیی. نزیکەی نیوەی ٨,٧ ملیۆن کەس کە دەکاتە (٤ ملیۆن یان ٤٦ لەسەدا) خەملێندراوە کە پێویستیان بە هاوکاری مرۆییە لە ناو عێراق دەکەونە ناو پارێزگای نەینەوا.
هەروەك لە ڕۆژی ٣٠ی حوزەیرانی ٢٠١٨، هاوکارانی مرۆیی هاوکاریان گەیاندۆتە نزیکەی یەك ملیۆن کەس لەم پارێزگایە. ئەم ژمارەیە لەسەدا ١٤٨ی دانیشتوانی موسڵ دەنوێنێت کە بە ئامانج کراون لە ناو پلانی بەهاناوەچوونی مرۆیی بۆ ساڵی ٢٠١٨ (کە دەکاتە، ٩٣٠,٨١٤ کەس لەو ٦٢٦,٨٣٤ کەسەی کە بە ئامانج کراون) هۆکاری ئەم دەستکەوتە زۆرە

دەگەڕێتەوە بۆ ئەو بەشداریە بەخشندانانەی کە لەلایەن کۆمەك بەخشانەوە وەرگیراون کە توانیویانە پێویستیە هەنوکەییەکان لە گۆڕانی ژینگەی موسڵ پڕبکەنەوە. ئەمەش بووە ئەنجامی دابین کردنی پاڵپشتی کردنی دارایی بۆ چالاکیەکان و ڕێگەی دا بە دابین کردنی هاوکاری بەرچاو، بە تایبەتی لە گروپەکانی تەندروستی و پاراستن. سەرەڕای ئەم هاوکاریە، بۆشایی گرنگ دەمێننەوە لە تەواوی کەرتەکانی تر لەوانە (ئاسایشتی خۆراك؛ پەروەردە؛ پەناگە و کەل و پەلە ناخۆراکیەکان؛ هەماهەنگی و بەڕێوەبردنی خێوەتگ؛ هاوکاری کردن بە پارەی کاش بۆ فرە مەبەست؛ ئاو و خاوێنکردنەوە و پاك و خاوێنی).



خێوەتگەی نەرگیزلیە، باکوری موسڵ، لە ژێر بنیاتناندایە. سەرچاوە: ئۆچا/ لەلایەن ئیلیاس

**لەبەر ڕۆشنایی خراپی پێویستیە مرۆییەکانی موسڵ، هاوکارانی مرۆیی توانیویانە هاوکاری بگەێننە ئەو عێراقیانەی کە پێویستیان بە هاوکاریە لە سەرووی ئەمانجەکەوە کە دانراوە لە ناو پلانەکەی بەهاناوەچوونی مرۆیی، بە تایبەتی لە کەرتەکانی تەندروستی و پاراستن.**

**بنیاتنانی خێوەتگەی تازە کە پاراستن دابین دەکات بۆ ئاوارەکان و سەنتەرەکانی سەرچاوەی کۆمەڵایەتی حکومەت ئاسانکاری دەکەن لە گەڕانەوەی ئاوارەکان**

ڕێکخراوی کۆمیسیاری باڵای نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ پەنابەران شەش خێوەتگەی تازەی دامەزراندووە بۆ هاووڵاتیانی ئاوارەبووی موسڵ لە پارێزگای نەینەوا هەروەها لە هەرێمی کوردستانیش. لەگەڵ ئەوەشدا، ئاژانسی پەنابەری سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان هاوکاری زۆر پێویست و پاراستنی پێشکەش بە هاووڵاتیانی خێوەتگەکە کردووە، لەوانە هاوکاری کردنی قوربانیەکانی توندوتیژی لەسەر بنەمای سێکسی و ڕەگەز و ڕەوانەکردنی قوربانیان بۆ خزمەتگوزاریە تایبەتەکانی دەروونی و کۆمەڵایەتی.

ڕێکخراوی نێودەوڵەتی بۆ کۆچ هاوکاری ئەو ئاوارانەی کردووە کە نەیانتوانیوە بگەڕێنەوە بۆ ماڵەکانیان، و هەروەها هاوهەماهەنگی کردووە لەگەڵ سەنتەری هاوبەشی هەماهەنگی قەیرانەکانی حکومەت بۆ دامەزراندنی دوو سەنتەری سەرچاوەی کۆمەڵایەتی لە ناو موسڵ. ئەم سەنتەرانە ئاسانکاری دەکەن لە دووبارە گەڕاندنەوەی ئاوارە گەڕاوەکان بۆ ناو کۆمەڵگاکانیان. هەروەها ڕێکخراوی نێودەوڵەتی بۆ کۆچ پێشەنگی هەوڵەکانی "هاوکاری هاوینە"ی ۲۰۱۸ یە بە دابین کردنی کەل و پەلە ناخۆراکیەکان بۆ ۳۸,۵۰۰ خێزانی ئاوارە.

**نۆژەنکردنەوەی قوتابخانەکان و دابین کردنی ژەمەکان بەشداری کردووە لە گەڕانەوەی کچان و کوڕان بۆ قوتابخانەکان.**

ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ منداڵان هاوکاری کردووە بە نۆژەنکردنەوەی سێیەکی ژمارەی ٦۳۸ قوتابخانە کە دووبارە دەرگاکانیان کراونەتەوە، کە ئەمەش توانا دەدات بە نیو ملیۆن کچ و کوڕ تاکو بگەڕێنەوە بۆ قوتابخانە ناوخۆییەکان. زیاتر لەوەش، ۱۰۷,۲۱۷ منداڵ لە خوار تەمەنی پێنج ساڵی کوتانی دژی ئیفلیجیان بۆ کراوە بە هەماهەنگی لەگەڵ ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی و وەزارەتی تەندروستی. هەروەها ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ منداڵان هاوکاری دەسەڵاتدارانی ناوخۆی کردووە بە چاککردنەوەی سیستەمە زیان پێگەیشتووەکانی دابین کردنی ئاو. لە دەرەنجامی ئەمەش، ئاوی خواردنەوەی خاوێن دابین کرابوو بۆ ۸۰۰,۰۰۰ هاووڵاتی لە ناو پارێزگای نەینەوا.



کچان نانی نیوەڕۆ دەخۆن وەکو بەشێك لە بەرنامەی خۆراك پێدان لە ناو قوتابخانەیێك لە موسڵ.
سەرچاوە: لەلایەن ڕێکخراوی پڕۆگرامی خۆراکی جیهانی

بە هەماهەنگی لەگەڵ حکومەت، ڕێکخراوی پڕۆگرامی خۆراکی جیهانی ژەمەکانی تەنگەتاوی قوتابخانەیان دابەشکرد بەسەر ٨٧,٠٠٠ منداڵ لە ١٤٥ قوتابخانەی سەرەتایی و چوار باخچەی ساوایان لە ناو ڕۆژئاوای موسڵ لە مانگی ئادار تاوەکو ئایاری ٢٠١٨. هەروەها ڕێکخراوی پڕۆگرامی خۆراکی جیهانی ئەم کارەی فراونترکردووە بۆ پڕۆژەکانی خۆراك لە ناو موسڵ، کە دەرفەتەکانی کۆکردنەوەی داهاتی سەر هێلی ئینتەرنێتی دروست کردووە بۆ گەنجان. پەنجا قوتابی کە تەمەنیان لە نێوان ١٨ تا ٣٥ساڵی دایە مەشقیان پێکراوە لەسەر لێهاتوویی ژمارەیی؛ ئەمەش هاوکاریان دەکات لە کەمکردنەوەی پشت بەستنیان بە هاوکاری خۆراك.

بەلایەنی کەمەوە ٥٣٢,٠٠٠ کەس لە ناوچە دووەرە دەستەکان ڕاوێژەکانی تەندروستیان وەرگرتووە لە ڕێگەی نۆرینگە گەڕۆکەکانی پزیشکی.

**بە سەدان و هەزاران لەو کەسانەی کە زۆر پێویستیان بە هاوکاریە توانیبوویان دەستیان بگات بە چاودێری تەندروستی.**
ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی دووبارە خزمەتگوزاریەکانی چاودێری تەندروستی سەرەتایی دابین کردووە بۆ ئاوارە گەڕاوەکان لە ناو بەعاج، حەترە، موسڵ، تەلعەفەر، و قەزاکانی شنگاڵ و شەش سەنتەری چاودێری تەندروستی سەرەتایی دامەزراندووە. ڕاوێژەکانی تەندروستی سەرەتایی پێشکەش کرابوون بۆ زیاتر لە ٢١٦,٠٠٠ کەس و بەلایەنی کەمەوە ٥٣٢,٠٠٠ کەس هاوکاری کرابوون لە ناوچە دوورە دەستەکان لە ڕێگەی دابین کردنی ١٧ نۆرینگەی پزیشکی گەڕۆك.

هەروەك داعش زۆربەی قاوشەکانی لەدایکبوون و نەخۆشخانەکانی داخستبوو لەماوەی داگیرکردنی موسڵ، سندوقی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ دانیشتوان بەهانای پێویستیە زۆرەکانی تەندروستی منداڵبوون و پاراستن چووە و پێش وەختە هاوکاری ژوورێکی منداڵ بوونی کردووە لە ناو ڕۆژهەڵاتی موسڵ لە مانگی کانوونی یەکەمی ٢٠١٦. هەروەها سندوقی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ دانیشتوان ٥٥ سەنتەری تەندروستی منداڵبوونی دامەزراندووە لە ناوەوە و دەرەوەی موسڵ لە نێوان مانگی تشرینی یەکەمی ٢٠١٦ و تەموزی ٢٠١٧. لە ماوەی سێ مانگی ساڵی ٢٠١٧، سندوقی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ دانیشتوان ڕاوێژەکانی تەندروستی منداڵ بوونی دابین کردووە بۆ زیاتر لە ٤٧٢,٠٠٠ ئافرەت و کچی ئاوارە.




سندوقی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ دانیشتوان یەکەکانی گەیاندنی گەڕۆك خزمەتگوزاریەکان دابین دەکەن لە هێلەکانی پێشەوە.

**لابردنی بەرفراوانی تەقەمەنیە مەترسیدارەکان لە موسڵ ڕێگە بە گەڕانەوەی هاووڵاتیانی شارەکە دەدات.**

زیاتر لە ٤٤,٠٠٠ تەقەمەنی مەترسیدار لابردراون لە ماڵەکان و شوێنە ژێرخانەکان



پاشماوەکانی ململانێ ی چەکداری لە ناو ناحیەی بەعشیقە لە موسڵ
سەرچاوە: ئۆچا/ لەلایەن ئیلیاس

لە نێوان تەموزی ٢٠١٧ و حوزەیرانی ٢٠١٨، ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ هەڵگرتنەوەی مین زیاتر لە ٤٤,٠٠٠ تەقەمەنی مەترسیداریان لابردووە، لەوانە ١,٠٠٠ بۆمبی چێندراو، لە شەقامەکان، پردەکان، قوتابخانەکان، زانکۆکان، نەخۆشخانەکان، نۆرینگەکان، وویستگەکانی چارەسەرکردنی ئاو و باڵەخانەکانی شارەوانی لە ناو شاری موسڵ.

لەگەڵ ئەوەشدا، ٤٥٠ پشتێنەی خۆکوژی دۆزرابوونەوە، زۆربەی پشتێنەکان بە لاشەی مردووەکانەوە بوون کە هێشتا دەدۆزرێنەوە. هەروەها ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ هەڵگرتنەوەی مین تاکو ئەمڕۆ ٥٥٠ شوێنی زۆر گرنگی ژێرخانی لە تەقەمەنیە مەترسیدارەکان پاککردۆتەوە، کە ئەمەش ڕێگە دەدات بە دووبارە دەستپێکردنەوەی خزمەتگوزاریە سەرەکیەکان بۆ هاووڵاتیانی موسڵ و ئاوارە گەڕاوەکان.

زیاتر لە ١,٢٠٠ سەرۆك خێزان لە ١٢ گەڕەك لە ناو ڕۆژهەڵاتی موسڵ سوودیان بینیوە لە هاوکاری یاسایی کە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ نیشتەجێبوون دابینی دەکات، بەمەش یارمەتیدەر دەبێت لە گەڕانەوەی هاووڵاتیان بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی نیشتەجێبوون، زەوی و موڵك. لەگەڵ ئەوەشدا، ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ نیشتەجێبوون ٢٥٧ خانووی زیانپێگەیشتوو بە هۆی ململانێ نۆژەنکردۆتەوە لە ناو ڕۆژئاوای موسڵ، کە ئەمەش ڕێگەی داوە بە نزیکەی ٣,٠٠٠ کەس تاکو بگەڕێنەوە بۆ ماڵەوە.

**ساڵێك لە دوای بەزاندنی داعش لە ناو موسڵ، پارێزگای نەینەوا بەردەوامە لە تۆمارکردنی زۆرترین ژمارەی ئاوارە گەڕاوەکان و ئاوارەکان لە ناو عێراق.**

ئاوارەکان بەردەوامن لە گەڕانەوە بۆ ماڵەکانیان لە سەرانسەری ووڵات. هەروەك لە ڕۆژی ١٥ی تەموز، ٣,٩ ملیۆن ئاوارەی عێراقی گەڕاونەتەوە بۆ شوێنەکانی زێدی خۆیان، لەو کاتەی زۆرترین ژمارەی ئاوارە گەڕاوەکان کەوتۆتە پارێزگای نەینەوا کە دەکاتە (١,٤٨ ملیۆن)، دوابەدوای ئەو پارێزگای ئەنبار بە (١,٢٦ ملیۆن) و پارێزگای سەلاحەددین بە (٥٤٣,٠٠٠). هەروەها پارێزگای نەینەوا زێدی گەورەترین ژمارەی ئاوارەکانە بە ژمارەی ٦١٤,٧٩٠ لەو ٢ ملیۆن ئاوارەی کە بەشێوەیەکی سەرەکی لە ناو خێوەتگەکانی جەدعە و بنکەی ئاسمانی گەیارە و حەمام عەلیلی موسڵ نیشتەجێن. هەروەها هەرێمی کوردستان زیاتر لە نیو ملیۆن عێراقی لە خۆ دەگرێت کە ئاوارەببوون لە پارێزگای نەینەوا، زۆربەیان خەڵکی موسڵن. ئەم ئاوارانە لە ناو خێوەتگەکان و کۆمەڵگا خانەخۆییەکان نیشتەجێن لە پارێزگاکانی دراوسێ لە دهۆك و هەولێر و سلێمانی.

بواری کرداری بۆ هاوکارانی مرۆیی بۆ دابین کردنی هاوکاری مرۆیی لە پارێزگای نەینەوا بەردەوامە لە فراوانبوون. هەروەك لە ڕۆژی ٣٠ی حوزەیرانی ٢٠١٨، ٦٧ ڕێکخراوی ناحکومی ناوخۆیی و نێودەوڵەتی، بە هاوهەماهەنگی لەگەڵ ئاژانسەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان، پرۆژە مرۆییەکان لە ناو موسڵ جێبەجێ دەکەن. بەلایەنی کەمەوە ١٣ ڕێکخراوی ناحکومی نووسینگەیان لە ناو موسڵ دامەزراندووە لەو کاتەی دوو ڕێکخراوی تر تیمی گەڕۆك بەکاردەهێنن بۆ دابین کردنی هاوکاری زۆر گرنگ لە بوارەکانی پاراستن و تەندروستی و ئاسایشی خۆراك و ئاو و خاوێنکردنەوە و پاك و خاوێنی.

## پلانی بەهاناوەچوونی مرۆیی عێراق بۆ ساڵی ٢٠١٨ لەسەدا ٦٣,٧ی پاڵپشتی دارایی کراوە

**لە کۆتایی مانگی تەموز، کۆمەك بەخشان بەشداریان کردووە بە بڕی ٣٦٢,٣ ملیۆن دۆلار بۆ پلانی بەهاناوەچوونی مرۆیی کە بڕەکەی دەکاتە ٥٦٩ ملیۆن دۆلار.**

لەسەر بنەمای ئەو بڕەی کە لەلایەن کۆمەك بەخشان پاڵپشتی دارایی وەرگیراوە تاکو ئێستا، پلانی بەهاناوەچوونی مرۆیی عێراق بۆ ساڵی ٢٠١٨ بریتی یە لە یەکێك لە باشترین پلانەکانی بەهاناوەچوون کە پاڵپشتی دارایی کرابێت لە جیهان. ئەو بەشداریە داراییانەی کە دراون لەلایەن کۆمەك بەخشان بڕەکەی دەگاتە ٢٣٥ ملیۆن دۆلار، کە ئەمەش دەکاتە ٤١ لەسەدای تەواوی داواکاریە داراییەکان. لە کۆتایی ئەم مانگە، بڕی ١٢٨ ملیۆن دۆلار کە لەلایەن کۆمەك بەخشان پەیمان دراوە بەڵام هێشتا هەڵپەسێردراوە. ئەمەش گرنگە بۆ تێبینی کردن کە داواکاریە داراییەکان و ئاستەکان دەگۆڕێن لەسەرانسەری گروپەکان. گەورەترین بۆشاییەکان دۆزراونەتەوە لە گروپەکانی ئاسایشی خۆراك؛ تەندروستی؛ ئاو؛ خاوێن کردنەوە؛ پاك و خاوێنی؛ و کەل و پەلە ناخۆراکیەکان.

تاکو داواکاریە داراییەکان وەرنەگیرێن بۆ کاری هەرە لەپێشینەی پلانی بەهاناوەچوونی مرۆیی ئەم ساڵ، جێبەجێکردنی هەندێك لە پرۆژە زۆر گرنگەکانی مرۆیی لەوانەیە زیانیان پێبگات و ببێتە هۆی داخستنی بەرنامەکان و بەو هۆیەش دەبێتە پچڕانی هاوکاری بۆ ئەو عێراقیانەی کە زۆر پێویستیان بە هاوکاریە.

بۆ زانیاری زیاتر، تکایە پەیوەندی بکەن بە:
ئەیدن ئۆلێری، سەرۆکی نووسینگە: لە ڕێگەی ئەم ئیمەیڵە oleary@un.org